# کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشە دەستییەکان لەمەهاباد (١٨٨٠ - ١٩٤٦)

# الزراعة وتربية المواشي والحرف اليدوية في مهاباد (١٨٨٠ – ١٩٤٦)

# Agricultur, livestock and handiworks in Mahabad (1880-1946)

**آوات احمد قادر[١]، سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر[٢]**

[١,٢]بەشی مێژووو ، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە ، شاری کۆیە، هەرێمی کوردستان ، عێراق

Corresponding author's e-mail: Awatsahmad@gmail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە سێ لە پایە گرنگەکانی ئابووری یەکێک لە شارە دیارەکانی کوردستان کە ئەویش شاری مەهابادە، شاری مەهاباد جیا لەوەی لەباری سیاسییەوە پایتەختی کۆماری کوردستان بوو، لەباری ئابووریشەوە خاوەنی تایبەتمەندییەکی ئابووری لەمێژینە بوو، هەڵکەوتەی ئەم شارە لەسەر یەکێک لە ڕێگا بازرگانییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وایکردبوو کە جیا لەوەی شارەکە ببێتە ناوەندێکی گرنگی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هاوشێوەی شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستان لەو قۆناغەدا لەهەردوو پایەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریش کە دوو کۆڵەکەی سەرەکی ئابووری ئەو قۆناغە بوون خاوەنی تایبەتمەندی دیاری خۆی بێت، هاتنی خەڵکانی جۆربەجۆر لە ولاتانی ڕووس و عوسمانییەوە بۆ مەهاباد بەمەبەستی بازرگانیکردن، ڕۆڵیان هەبوو لەوەی مەهاباد لەهەرسێ باری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشە دەستییەکان بایەخێکی تایبەتی هەبێت، بەتایبەت بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی لەو قۆناغەدا. هەر ئەمەش وایکردبوو کە لە هەر سێ بواردا شارەکە جیالەوەی بەرهەمەکانی بەشی ناوخۆی دەکرد بەشێکیشی هەناردەی شارەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت دەرەوەی ئێرانیش دەکرد.

ئەم توێژینەوەیە خۆی لە سێ باسدا دەبینێتەوە، لە یەکەمیاندا باس لە کشتوکاڵ لەمەهابادو لە دووەمدا باس لەبارودۆخی ئاژەڵداری و لەکۆتا باسیشدا لە پیشە دەستیەکانی دانیشتوانی ناوچەکە دواوین.

**کلیلە وشە:** مەهاباد، بازرگانی، ئابووری، کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، پیشەدەستییەکان.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10547 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٥/٣ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/٢١ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Awatsahmad@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٤ م.ی. آوات احمد قادر، پ.د.سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**ملخص:**

تبحث هذه الدراسة عن ثلاث ركائز اقتصادية لواحدة من أبرز المدن في كوردستان؛ الا وهي مدينة مهاباد ، حيث رغم كونها عاصمة جمهورية كوردستان سياسياً ، من الناحية الاقتصادية أيضاً، كانت لها خاصية اقتصادية قديمة. وموقع المدينة على أحد طرق التجارة بين الشرق والغرب فضلاً عن جعلها مركزًا مهمًا للتجارة بين مناطق الشرق والغرب، كسائر مدن ومناطق كوردستان الأخرى، كانت لها خصائصها المنفردة في كل من الزراعة وتربية المواشي(الرَّعي)، باعتبارهما ركيزتان اساسيتان للاقتصاد في تلك الفترة. وقد لعب وصول العديد من الأشخاص من الدول الروسية والعثمانية إلى مهاباد- لأغراض تجارية- دورًا في جعل مهاباد ذات أهمية خاصة في كل من الزراعة وتربية المواشي(الرَّعي) والحرف اليدوية، لاسيما لبيع منتجاتها في ذلك الوقت. مما أدى الى أن تكفي منتجاتها حاجات المدينة في المجالات الثلاث فضلاً عن اصدارها بعضاً منها الى مدن إيرانية أخرى بل حتى الى الخارج.

وعليه ينقسم هذا البحث إلى ثلاثة مباحث: نتناول في الأول الزراعة في مهاباد، وفي الثاني نتعرض لحالة تربية المواشي(الرَّعي)، وناقشنا في المبحث الأخير الحرف اليدوية للسكان المحليين.

**الكلمات المفتاحية:** مهاباد ، التجارة ، الاقتصاد ، الزراعة ، تربية المواشي ، الحرف اليدوية

## Abstract

This study investigates three significant economic aspects of one of the most well-known cities of Kurdistan, which is the city of Mahabad. Inspite of that Mahabad was the capital of Republic of Kurdistan politically, it, economically, had a long social characteristic. Since Mahabad located on one of the commerce roads between East and West, it became a crucial center of commerce between East and West areas; moreover, it had a remarkable feature like the other cities and areas of Kurdistan in both agriculture and livestock, which were two main economic aspects at that time. Coming various people from Russia and Ottoman Empire to Mahabad for commerce had a considerable influence in making the city to have a great role in agriculture, livestock and handiworks aspects, mainly to sell its produtcs at that time. Besides, although the city had its own products for its needs in those three fields, it exported some of them to other cities of Iran and even outside Iran.

The present study involves three sections. The first section discusses the agriculture in Mahabad, and the second one deals with livestock. Finally, in the third section we have talked about the handiworks of inhabitants.

**Key words:** Mahabad, commerce, economy, agriculture, livestock and handiworks.

## پێشەکی:

شاری مەهاباد یەکێکە لەشارە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، شارەکە بۆ ماوەیەکی زۆر ناوەندی کوردستانی موکریان بووە، هاوکات ماوەیەک پایتەختی کۆماری کوردستان بووە (ثنائی، ١٤٠١: جلد اول، ١٣٥)، سەرچاوە مێژووییەکان بناغەی دامەزراندنی ئەم شارە بۆ یەکێک لە فەرمانڕەواکانی کوردستانی موکریان بەناوی بوداق سوڵتان، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی حکومەتی شا سلێمانی سەفەویدا (١٦٦٦ - ١٦٩٤) دەگێڕنەوە (باباطاهری، ١٣٥١: ٥ -٨). هەڵکەوتەی جوگرافیای شارەکە لەسەر یەکێک لەڕێگا بازرگانییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کاریگەری لەسەر زۆربەی لایەنەکانی شارەکە هەبوو (صلاح سلیمی و ابراهیم پور، ١٣٩٦: ٨٣ _ ٨٤). یەکێک لەو لایەنانەش بێگومان لایەنی ئابووری بووە، هەر ئەمەش وایکردبوو کە لەماوەی توێژینەوەکەماندا هەردوو لایەنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بە دوو پایەی گرنگی ئابووری شارەکە هەژمار بکرێن.

## هۆکارەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

لێکۆڵینەوە لە سێ بواری کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و پیشە دەستیەکان لە شاری مەهاباد گرنگییەکی فرە ڕەهەندی هەیە، بەتایبەت ئەوەی کە لێکۆڵینەوە لەو بوارە، پێچەوانەی لایەنە سیاسییەکەی شارەکە زۆر کەمتر ئەنجامدراوە ،هەربۆیە لیکۆڵینەوە لەو بەشە گرنگەی مێژووی ئابووری بێگومان بایەخێکی فرە ڕەهەندی هەیە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەو توێژینەوەیەدا، بەشێوەیەکی سەرەکی بەکارهێنانی چەند میتۆدێک لە شیکردنەوە و باسکردن و گێڕانەوەی ڕووداو پێشهاتەکاندا لەبەرچاو گیراوە، بەڵام لەبەر هەستیاری و گرنگی بابەتەکەو لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندیەکانی سێ لایەنی مێژووی ئابووری دانیشتوانی شارێک وایکردووە کە تەنها پشت بە میتۆدێک نەبەسترێت، بەڵکو بەپێی پێویستی بابەتەکە چەند میتۆدێکی دیکەش بەکارهێندراون، وەک میتۆدی مێژوویی، شیکاری و بەراوردکاری.

## ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:

بێگومان هیچ توێژینەوەیەک بەبێ ئاستەنگ و گرفت تێناپەڕێت، بەتایبەت ئەوەی کە پێچەوانەی بواری سیاسی لایەنی ئابووری کەمترین لێکۆڵینەوەو شیکاری بۆ کراوە، بەتایبەت تریش هەر سێ بواری کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و پیشە دەستیەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە دوو لایەنی گرنگی ژیانی ئابوورین، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە کە بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵ بین.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

لەداڕشتنی توێژینەوەکەدا پەیڕەوی پلانێکی تایبەت کراوە ئەویش لەڕێگەی دابەشکردنی توێژینەوەکە بەسەر سێ باسی سەرەکی و دەرەنجامی زانستیدا، ئەم توێژینەوەیە خۆی لە سێ باسی زانستیدا دەبینێتەوە، لەباسی یەکەمدا باس لە بارودۆخی کشتوکاڵی شاری مەهابادو تایبەتمەندیەکانی دەکەین، لەباسی دووەمدا باس لەبارووۆخی ئاژەڵداری و گرنگی ئەو بوارە لەژیانی ئابووری دانیشتوانی مەهاباد و لەکۆتا باسیشدا لە پیشە دەستیەکانی دانیشتوانی ناوچەکە دواوین.

## گرنگترین سەرچاوەکان:

لەنوسینی ئەم توێژینەوەیەدا سود لەچەندین سەرچاوەی زانستی وەرگیراوە بەتایبەت ئەو سەرچاوانەی لەو قۆناغەدا نوسراون وەک سەفەرنامەی ئەو گەڕیدانەی سەردانی شارەکەیان کردووە، یاداشت و بیرەوەریەکانیان نووسیوەو هاوزەمانی ئەو قۆناغە کە خۆی لەچەندین سەرچاوەی ڕەسەنی ئێرانی و بیانیدا دەبینێتەوە، لەگرنگترینیان سەفەرنامەکانن، لەچەشنی: (دمۆرگان: کوردستان لە لیکۆڵینەوەکانی دمۆرگاندا، گفتوگۆی ئەمیری حەسەن پور لەگەڵ ئاگوستا گودهارت، مینۆرسکی: بنچینەکانی کوردو چەند وتارێکی کوردناسی. هاوکات سوود لەیادەوەریە خۆجێیەکانی هاوزەمانی قۆناغی توێژینەوەکەش وەرگیراوە لەگرنگترینیان: (دکتر آسو: خاطرات زندگی پرماجرای دکتر آسو، ثنائی، کامران: تاریخ وبلایت مکری، باباطاهری، حسن: مهاباد دیرو امروز، جەوادی قازی،: نامیلکەی دەستنیشانکردنی خێڵاتی دانیشتووی دەوروبەری سابڵاغی موکری، هاشم سەلیمی: پەنجەمۆر، خەلیلی فەتاحی قازی: کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لەویلایەتی موکری. هاوکات سود لە ساڵنامەکانیش وەرگیراوە وەک: (محمد مجدی: سالنامه فرهنگ مهاباد، جلد اول و جلد دوم).

## باسی یەکەم: کشتوکاڵ:

بناغەی ئابووری کوردستان لەسەردەمە پێشینەکاندو لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا لەسەر کشتوکاڵ بەندبوو، تاکی کوردی خەریکی وەرزێری بوو (عەزیز سەعید، ٢٠٠٣: ٣٩). ئاشکرایە لەو قۆناغە مێژووییەدا کە یەکێک لەپایە گرنگەکانی ژیانی ئابووری دانیشتوانی کوردستان بریتی بوو لەکشتوکاڵ ، ژیانی بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی لەسەر بەند بووە و بنەمای سەرەکی ژیانیان لەسەر بنیات نابوو، لەهەمان کاتیشدا بەشێکی زۆریشیان بەهۆی هەلومەرجی کوردستانەوە بەتایبەت لەناوچە شاخاوییەکان ئاژەڵداری بنەمای سەرەکی بەدەستهێنانی بژێوی ژیانیان بوو، بەڵام کشتوکاڵیش فەرامۆش نەکراوە، لەهەندێک ناوچە تەنها پشت بە کشتوڵ بەستراوە، زۆرجاریش کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەیەکەوە پێداویستیەکانی ژیانی خەڵکەکەیان دابین کردوە، ئەمەش پێی دەگوترێت (ئابوری تێکەڵاو) کە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان پەیڕەوکراوە (سەید ئەحمەد، ٢٠١٨: ٥٠).

بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی ئابووری کوردستان لەو قۆناغەدا خۆی لەسەر سێ پایەی سەرەکی (کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و بازرگانی)دا دەبینیەوە، کشتوکاڵ پایەی یەکەمی ئابووری بوو، کۆمەڵگاش لەو قۆناغەدا پشتی پێبەستوون و بژێوی خۆی پێ دەستەبەر کردوون، لەگەڵ ئەمەشدا، ژینگەو ئاووهەوا و تۆبۆگرافیا لە چیا و زورگ و هەڵەت و نشێو و دۆڵ و دارستان و دەشتودەری هەرشوێنێك، باندۆر و کاریگەریەکی قووڵ لای دانیشتووانەکەی دروستدەکات و سروشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤ و شێوازەکانی ژیانی ئابووری گۆشدەکات، تەنانەت کاردەکاتە سەر دیاریکردنی ژیانی ئابووری دانیشتوان کاریگەریی راستەوخۆشی لەسەر شێوازەکانی ژیان و گوزەرانی دانیشتوان هەیە، بۆیە ئەو سروشتەی کوردستان لە ژینگە و خاك و بەرزی ونزمی و ئاووهەواکەی وایکرووە کوردستان شوێنێکی لەباربێت بۆ کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات (جەلیل، ١٩٨٧: ٧٧ - ٧٩)

بەخوێندنەوەشمان بۆ سەرچاوە مێژووییەکانی ئەو قۆناغە دەردەکەوێت کە پایەکانی ئابووری شاری مەهاباد وەک بەشێک لەشارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان لەسەر چەند لایەنێکی وەک (کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، پیشە سەرەتاییەکان و بازاڕو بازرگانی) بەند بوو، بەشێک لەدانیشتوانی شاری مەهابادو گوندەکانی دەوروبەری بە کشتوکاڵ خەریک بوون، بەشێکی دیکەشیان بە ئاژەڵداری و هەندێکی دیکەیان بە پیشە سەرەتاییەکانەوە خەریک بوون، بەشێکی دیکەش سەرقاڵی کاروباری بازاڕو بازرگانی بوون. بەهۆی ئەوەی لەشارەکەدا چەندین کاروانسەراو بازاڕ هەبوون ئەوەش دەرفەتی کاری لەبەردەم بەشێک لە دانیشتوانی شارەکەدا کردبووەو چەندین بازرگانی گەورە لەشارەکەدا وەدەرکەوتن کە بازرگانیان لەگەڵ شارەکانی ئێران، عوسمانی و ڕووس دەکردو کاڵاو بەرهەمی زیادەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشە سەرەتاییەکانی مەهابادیان دەبردە ئەو وڵاتانەو بازرگانانی ئەو وڵاتانەش دەهاتنە مەهابادو ئاڵووگۆڕی بازرگانییان ئەنجام دەدا (کریمیان و سلیمی، ١٣٩٨: ٢٠٤). ئەمەش دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ ئەوەی کەرتە ئابوریەکانی مەهاباد لەناویشیاندا کشتوکاڵ کە بەشێکی

دیاری دەچووە بواری بازرگانیەوە بەتایبەت توتن و لۆکەو بەشێکی کەمیش لەدانەوێڵە، گەشانەوەی بەرچاو بەخۆوە ببینین. هەروەک چۆن گودهارت لەسەرەتای سەدەی بیستەم ئاماژە بەوەدەکات کە زۆربەی دانیشتوانی مەهاباد کاسبکارن و بەشێکیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەشیکیشیان بە بازرگانی بچووک دەژین (وەلیانی، ١٤٠٠: ٦١). بەتایبەت دوای ئەوەی لەشارو لادێکانی دەوروبەری مەهاباد کشتوکاڵ و بازرگانی پەرەی سەند ئیدارەی دوخانیان توتن و ئیدارەی غەڵلە گەنمی لەجوتیاران دەکڕی و بەشێک لەپێداویستیەکانی ژیانیان دابین دەکرد، بازاڕ، دوکاندارو پیشەوەر کاروکەسابەت و بازاڕیان پەیدابوو (ژیان، ٢٠٢٢: ٣٢).

بەپێی ناوچەکانی کورستانی موکریان و هۆکارە جوگرافییەکانی وەک پێدەشت و لەوەڕگەی سەوز، بوونی ڕووبارەکان و جۆری خاکەکەی، هۆکارێک بوون بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پەیدابوونی چەندین جۆری کشتوکاڵکردن، بەتایبەت دانەوێڵەو ئاژەڵداری (هەمەدانی، ١٩٨٠: ٦٤ -٦٥). بەهەمان شێوەش ناوچەی مەهاباد وەک پایتەختی کوردستانی موکریان خاوەنی لێرەوارو دارستان و زنجیرە شاخ و زەوی و زاری کشتوکاڵی لەبار بوو (مجدی، ١٣٣٣: جلد اول، ١٩ - ٢٠). ئەمەش وایکردبوو کە کشتوکاڵ یەکێک لەسەرچاوە گرنگەکانی بژێوی ژیانی خەڵک بێت. لەکاتێکدا لەو قۆناغەدا بەگشتی کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵی بوو پەیوەندیەکی بەهێزی دەرەبەگایەتی تێداهەبوو (قاسملو، ٢٠١٤: ١٠١). ژیانی عەشیرەتی، بارودۆخی ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ناوچە کوردنشینەکان، بەتایبەت لەناو عەشیرەتەکاندا شێوازێکی ژیانی تایبەتی لەناو کوردەکانی کوردستانی ئێراندا دروست کردبوو، وایکردبوو کە پایەکانی ئابووری دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان زیاتر پەیوەست بێت بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، ئەم دوو کەرتەش بەشێکی زیادەی بەرهەمەکانینان دەچوونە ناو کەرتی بازرگانیەوە بەتایبەتی توتن و بەروبومە جەنگەڵیەکانی وەک مازوو کەتیرە لەبازاڕی مەهابادەوە دەنێردانە شارەکانی دیکەی ئێران و دەوڵەتانی عوسمانی و ڕووس (Rawlinson, 1848: 29).

هەروەک نوسەری کتێبی (تاریخ ویلایت مکری) کشتوکاڵ بە پایەی سەرەکی دانیشتوانی کوردستانی موکریان و لەناویشیاندا مەهاباد دادەنێت (ثنایی، جلد دوم ١٤٠١: ١٥١٠).

سەبارەت بە بەڕێوەبردنی زەوی و زارە کشتوکاڵییەکان ئەوە ڕوونە کە هەر لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە عەشیرەتەکان سێیەکی دانیشتوانی کوردستان بوون، هەرئەمەش وایکردبوو کە ئەو عەشیرەتانە کۆنترۆڵی باری ئابوری و زەوی وزاری ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بکەن و بەشی زۆری زەوی وزار موڵکی دەرەبەگ و ئاغاکان بێت (قاسملو، ٢٠١٤: ١٢٦ - ١٢٧)، ئەم بارودۆخە دەرەبەگایەتییە وایکردبوو کە سروشتی زەوی و زارە کشتوکاڵییەکان سروشتێکی دەرەبەگایەتی هەبێت، وەک جەوادی قازی لە باسی عەشیرەتە کوردییەکانی مەهابادا ئاماژەی پێکردووە کە زۆربەی گوندو زەوییە کشتوکاڵییەکانی مەهاباد موڵکی عەشیرەتەکانی وەک مەنگوڕ و دیبۆکری و گەورک بوون، بەمەش کشتوکاڵ و بەڕێوەبردنی ئەم پایە ئابوریە لە مەهاباد و دەوروبەری هاوشێوەی ناوچەکانی کوردستان، لەناو سیستەمێکی دەرەبەگایەتیدا دەخولایەوە (جەوادی قازی، ٢٠٠٩: ٢٢ - ٣٠).

لەلایەکی دیکەوە لە بارەی جۆرەکانی کشتوکاڵی ناوچەکەوە، گەڕیدەی فەرەنسی دمۆرگان کە لەساڵی (١٨٨٩)سەردانی ناوچەی مەهابادی کردووەو ئاماژە بەوەدەکات کە کشتوکاڵی سەرەکی لەوناوچەیە چاندنی گەنم و جۆیە، بەڵام لەگەڵیدا ماش و گەنمەشامی و چەند بەرهەمێکی تریش دەچێندرێت، هەروەک ئاماژەی بەوەداوە کە دوو بەرهەم بەشێوەی سەرەکی لەناوچەی مەهاباد کەڵکیان لێوەردەگیرێت بریتین لە مازوو خوری (دمۆرگان، ٢٠١٢: ٦١). (شوێنەوارناس و گەڕیدەی ئەڵمانی ژاک دیمۆرگان لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی شوێنەواری دێتە مەهابادو زۆر لایەنی گرنگی دانیشتوانی مەهابادی تۆمار کردووە (دمۆرگان، ٢٠١٢: ٣٢ _ ٦٣).

سەرچاوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمیش ئاماژە بەوەدەکەن کە بەشێک لەدانیشتوانی مەهابادو گوندەکانی دەوروبەری بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان کشتوکاڵیان بە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتیان داناوە، لە زەوی وزارەکانیان چەندین جۆری بەرووبوم و دانەویڵەیان چاندووە وەک: گەنم، جۆ، نیسک، ماش، نۆک، برنج و تووتن (ژیان، ٢٠٢٢: ٣٥). ئەگەر زەوی و زاری ناوچەکەش وەک پێویست ئاو بدرێن بەپیت و بەرەکەتن، ترێی زۆر خۆش، قەیسی، هەڵوژە و گوێز بەرهەمی ئەوێن (وەلیانی، ١٤٠٠: ٦٠). هەروەک چۆن ئاگوستا گودهارت

لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئەمیری حەسەن پور لەساڵی ١٩٧٧ سەبارەت بە شێوازەکانی کشتوکاڵ کردن لەمەهاباد دەڵێت:'' خەڵکی مەهابادو گوندەکانی دەوروبەری، گەنم و جۆ و پەمۆیان بەرهەم دەهێنا، کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییان دەکرد، لە دێیەکان مەڕ بەخێودەکران، مەڕ زۆربوون، ڕۆنە کەرە، پەنیر، ماست و دەوە لە گوندەکانەوە دەهاتە مەهابادو ئەوان گەنمیان دەچاند، شیرمان دەکڕی، ماستمان دەکڕی'' (حەسەن پور، ١٩٧٧: ٩). (ئاگوستا گودهارت، مسیۆنەری ئەمریکی لەمەهاباد لەساڵی ١٩١٣ لە فیلادلفیای ئەمریکاوە بۆ کاری مسیۆنەری چۆتە مەهابادو هەتا ساڵی ١٩٣٦ لەوشارە دەمێنێتەوە، لە نەخۆشخانەی مسیۆنەرەکانی مەهاباد کاری مامانی کردووە (حەسەن پور، ١٩٧٧: ١ _ ١٢) ).

لەلایەکی دیکەوە جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی زەوی کشتوکاڵی دێمی و بەراودا، ببووە هۆی جۆراوجۆری بەروبوومەکان و زیادبوونی چالاکی کشتوکاڵی، ئەمەش هۆکاری کاریگەر بووە بەسەر چالاکی پیشەگەری و بازرگانی لە یەك کاتدا، چونکە ژمارەیەك بەروبوومی کشتوکاڵی لە پرۆسەی پیشەسازی جۆراوجۆردا بەکار دەهاتن، سەبارەت بەو بەروبوومە ئاژەڵیانەش، کە پێوەندییان بە کشتوکاڵەوە هەیە، لە خۆیان زیادبوون هەناردەی دەرەوەیان کردووە (حەکیم ئەحمەد، ٢٠١٤: ٢٧٢). ژینگەش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاری کردنی کاروکەسابەتی دانیشتواندا، لەمەشدا ژینگە ڕۆڵی دیاری هەبوو لەدیاری کردنی شێوەکانی ئابووری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە بەشێوەیەکی گشتی ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زستانی سارد و باراناوی، خاکی بەپیتی ناوچەکە هۆکاری سەرەکی بوون بۆئەوەی دانیشتوانی ئەوناوچەیە سەرقاڵی کاروباری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بن (پیتراوری و هامبلی و ملویل، ١٣٨٧: ٣١٤)

بێگومان یەکێک لەگرفتەکانی بەردەم کەرتی کشتوکاڵیش لەو قۆناغەدا شێوازەکانی بەرێوەبردن و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ لە کوردستان هەر لەسەر شێوزای کۆنی بەرێوەبردن بوو، پایە تەکنیکییەکانی کشتوکاڵ لەکوردستان لاواز بوون، ئامرازە سەرەکییەکانی ئەو بوارە گۆڕانیان بەسەردا نەهاتبوو، زەوی هەر بە نیرو ئامووری کۆن دەکێڵدرا کە بەزۆری گاجووت و لەهەندێک شوێن بە ئەسپ و هێستر رادەکێشران، جووتەگایەک بەدرێژایی ساڵ نزیکەی ٣ - ٤ هێکتار زەوی دەکێڵا، پەینە کیمیاوییەکان کە هۆکارێکی سەرەکی بەهێزبوونی کشتووکاڵن بۆ بەرهەمە سەرەکییەکانی وەک گەنم و جۆ و دانەوێڵەو برنج بەکارنەدەهێنران (قاسملو، ٢٠١٤: ١٠٦ - ١٠٧).هاوشێوەی ناوچەکانی کوردستان لەمەهابادیش. شێوەی بەرهەمهێنان زۆر سەرەتایی بوو، جوتیاران بە پاچ و بێڵ و نیروێ هەوجار... زەویان دەکێڵا، ئەمانەش خۆی لەخۆیدا هۆکاری دواکەوتون و ناتوانرێت بەرهەمی زۆری پی بەرهەم بهێندرێت (عەزیز سەعید، ٢٠٠٣: ٣٩). لەهەمان کاتدا ناوچەکانی کوردستانی موکریان خاوەن دارستانێکی لەبارو چڕو پڕ بوو کەچەندین جۆر داری لەچەشنی بەڕوو، مازوو، دارەبەن و قەزوانی تێدابوو، هەروەها چەندین میوەی دارستانی سروشتی گرنگی وەک بەڕووی شیرین، بەڕووی تاڵ، مازوو، جەوی دەنووکە، گێوژ، بادامی تاڵ، هەڵووژەی کێوی کە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە سودی گرنگی ئابوری لێوەردەگیرا، دارمازووی ناوچەکە چواردە بەری هەبوو، کە بریتی بوون لە : مازوو، بەڕوو، دەنووکە، خرنووک، گەڵوان، برامازوو، کەڵەشینکە، هەمزەبەگی، تسقوڵ، کەوەڵ، پانکە، قۆرکە و پووزەخووگە، ئەمەش لەباری ئابوری پیشەسازییەوە سودێکی زۆری هەبوو، بەتایەت بەرەکانی دار مازووی کوردستان لەکاری پیشەی خۆشکردنی چەرم (دەباغی) بەکار دەهێنرا، بەتایبەتی گەڵوان و مازوو کەرەستەی یەکەمی ئەم پیشەیەبوون (شەمیمی هەمەدانی، ١٩٨٠: ٦٩).

هەڵکەوتەی جوگرافی شاری مەهاباد بەهۆی ئەوەی ناوچەیەکی کوێستانی بوو، ببووەهۆی ئەوەی شارەکە ئاووهەوایەکی کوێستانی هەبێت، زستانی ساردو درێژ و پڕ بەفر بێت، شارەکە خاوەنی سەرچاوەیەکی زۆری ئاو بوو، هەرچەندە دەورووبەری شارەکە زەوی کشتوکاڵی کەم بوو، بەڵام گوندەکانی سەر بە مەهاباد خاوەنی زەوی و زارێکی زۆرو سەرچاوەیەکی ئاوی زۆر بوون، هەربۆیەش بەشێک لەدانیشتوانی شارەکە بە کشتوکاڵ کردنەوە خەریک بوون، بەتایبەت لەناوچەکانی باکوری مەهاباد کە زەوی وزارێکی فراوان و گونجاوو لەباری هەیە بۆ کشتوکاڵ کردن، ڕووباری مەهاباد کە بەناوچەکەدا تێدەپەڕی، سەرچاوەی سەرەکی بوو بۆ کشتوکاڵ کردن لەو ناوچەیە، بەتایبەت گوندەکانی دەورووبەری مەهاباد کە ڕووبارەکەیان وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی کشتوکاڵ کردن بەکاردەهێنا (کلباسی، ١٣٦٢: ٢١).

قاسملوو لەبارەی شێوازەکانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا دەڵێت؛'' لەکوردستانی ئێران گەنم و جۆ،

گەنمەشامی، ماش، نیسک، لۆبیا، پاقلە، چەڵتووک دەچیندرێت و لە چێندراوە تەکنیکیەکانیش توتن و چەوەندەری قەند، پەمۆ، گوڵەبەرۆژە، کونجی دەچێندرێت و چاندنی سەوزی و ناشتنی داری بەریش لەکوردستان زۆرە، گرنگترین بەرهەمەکانی درەخت و شیناوەردی وەک هەنار، بادام، فندق، پستەو گوێزو، سێوو، ترێ، شوتی و کاڵەک و گرکەیە (قاسملو، ٢٠١٤: ١٠٨)، بەهەمان شێوە جەوادی قازی لەسەرەتای سەدەی بیستەم لە باسی هۆزو ئێلەکانی دەوروبەری مەهاباد باس لەبوونی ئەو بەرهەمانە دەکات لە مەهابادو گوندەکانی دەورووبەری ( جەوادی قازی، ٢٠٠٩: ٣٣ - ٣٥).

لە پێدەشتەکاندا هاوینان کە هەوا گەرم دەبوو، جوتیارەکان گەنم و گەنمەشامی و توتنیان دەچاند و بەشێکی ئەم بەرهەمە بۆ ناوچەکانی دراوسێ دەچوو بەمەبەستی بازرگانی، بەشێکی دیکەشی لەلایەن جوتیارانەوە هەڵدەگیرا بۆ ساڵی داهاتوو، هاوکات بەشێکی بەرووبومەکەش دەدرایە خاوەن زەوی و بەشێکیشی وەک باج بەناوی موڵکانە لەلایەن دەوڵەتەوە لە جوتیاران وەردەگیرا (شەمیمی هەمەدانی، ١٩٨٠: ٧٤).

لەلایەکی ترەوە هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە کە بەشی زۆری چیای بەرزو ناوچەی شاخاوی و رێگەی دژواربوو (بزوری، ٢٠٠٥: ٤٣)، بەتایبەت ساردی ئاو و هەواو و سروشتی ناوچەکە سەرنجی گەڕیدەی بەریتانی (ئەی.جی.هابارد)ی ڕاکێشاوە کە لەساڵی(١٩١٧) بەناوچەکەدا تێپەڕیوە (Habbard, 1917: 23)ئەمەش هۆکارێک بوو بۆئەوەی دانیشتوانی ناوچەکە بەهۆی لەباری ئاوهەواو سروشتی ناوچەکەوە ئابوری تێکەڵاو پەیڕەوبکەن و دانیشتوانی ناوچەکە لەڕێگەی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە بژیوی ژیانیان دابین بکەن (سەید ئەحمەد، ٢٠١٨: ٥٠ - ٥١)، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش جەوادی قازی لەباسکردنی کاروکەسابەتی دانیشتوانی هۆزەکانی دەوروبەری مەهاباددا ئاماژە بەوە دەکات کە بەشێوەیەکی گشتی کاسبیەکەیان مەڕدارییەو هەندێکیشیان جوتیارن (جەوادی قازی، ٢٠٠٩: ٣٠).

مینۆرسکی لەبارەی سەرچاوە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکەوە ئاماژە بەوەدەکات کە دانیشتوانی ناوچەکە زەوی دەچێنن بۆ وەبەرهێنان، لە هەموولایەکی دیکە زەوی هەر بۆ ئەوە دەچێنن، هەتا پێداویستییە کەسییەکانی خۆیانی پێدا پەیدا بکەن( مینۆرسکی، ٢٠٠٧: ٩٨ -٩٩).

ئارچی رۆزفێلت دوای سەردانی بۆکوردستانی موکریان و مەهاباد، ئاماژە بەجوانی ناوچەکە دەکات و دەڵێت: "لەم جیهانەدا کەمتر شوێنی وا هەیە وەک کوردستان سەرنجی بینەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت، چیاکانی نارێکی ئەم ناوچەیە کە لەشوێنی رووتەن و وشکن و لەجێگایەکی دیکە دار مازووی کورت و کاج داپۆشراون، جاروبار دۆڵی دڵرفێن لێکی دابڕیوون..."، لەبارەی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکەوە ئاماژە بەوەدەکات کە کشتوکاڵ پیشەی سەرەکی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەیە و دەڵێت: "ژیانی گوندییەکانی کورد دژوارە، ئەوان خەریکی کشتوکاڵن و دەبێ هەمیشە لەگەڵ زەوی وشک و بەردەڵان دەست بەکاربن، دەبێ لەڕێبازی جۆگەلەی کەم ئاو کە لەچیا دێتە خوارێ ئاوبەند سازبکەن، لەهەموو دڵۆپە ئاوێک بۆ ئاودانی سپیندارو داری بەری و مەزرای چەڵتوک و توتن کەبەرهەمی گرنگی ئەو هەرێمەیە کەڵک وەرگرن، ئەوان بە ئاموری ئەستوری دار ناچارن لەپەنا خڕو دۆڵان پارچە زەوی لێژ بۆ دێمەکار بکێڵن، لەزەوی ڕۆخی چۆمەکان کە بارانی زستانی تۆزی نمی داوەتێ، گەنم و جۆ بچێنن(رۆزڤێلت، ١٩٩٥: ٢٠ - ٢٢). کوردناسی رووسی مینۆرسکی باس لە چەندین بەروبومی کشتوکاڵی دەکات کە لەناوچەکەدا دەچێنرێت بەو پێیەی ناوچەکە خاوەنی ئاوی سازگارە (مینۆرسکی، ٢٠٠٧: ٩٩). لەلایەکی دیکە خاکی ناوچەکە لەبار بوو بۆ ڕوانی چەندین جۆری داری سروشتی وەک: (بەڕو، مازوو، گوێز، گێوژ، تاوک، بادام، بەڵاڵوک و بناو) وگەلێک داری دیکەش کە لەناوچە شاخاوییەکان هەبوون و سەرچاوەیەکی گرنگ بوون بۆ دانیشوانی ناوچەکە، هاوکات خاکی ناوچەکە سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بۆ پەیدابوونی چەندین بەروبومی کشتوکاڵی جۆربەجۆری وەک: (سیر، ئاڵوباڵو، گێلاس، قەیسی، توو، ترش، سماق، هەنجیر، هەنار، هەرمێ، سنجوو، فستەق، هەڵووژە، بادام، خۆخ، گوێز و ترێ) (حوزنی موکریانی/ب٢، ٢٠٠٧: ١٠٢).

سەرچاوەکان ئاماژە بەچەند جۆرێک بەرووبوم دەکەن کە لەوناوچەیەدا بەرهەم هێنراون، لەوانە: دانەوێڵە، گەنم و جۆ، گەنمەشامی، وێنجە، چەوەندەری شەکر، چەندین میوەی جۆراوجۆر لەشارەکەدا هەبوون، هەنگەوانی و بەرهەمهێنانی هەنگوینیش یەکێکی دیکە بوو لەو جۆرە کارانەی بەشێک لەخەڵکی دەیانکرد، لەهەمووشی بەربڵاوترو گرنگتر (توتن، کەتیرە، مازوو گلوان) بوون و گرنگییەکی زۆریان هەبوو بەلای دانیشتوانی ناوچەکەوەو پایەیەکی گرنگی ئابوری دانیشتوانی ناوچەکە بوون (صمدی، ١٣٩٦: ١٣٠). جۆری خاکی دەشت و

پێدەشتەکانی ناوچەکە کە زیاتر گڵی سورو ڕەشە، لەبار بوو بۆ چاندنی دانەوێڵە، بەتایبەت گەنم و جۆکە زۆرجار یەک و دە، یان یەک و دوازدەی دەبری وگەنمەشامی و دانەوێڵەی تر یەک و سی تا یەک و چلی دەبری، خاکەکە بۆ دانەوێڵەی بێهێزی وەک گاودانەو هەرزن و جۆ ڕەشە زۆر باش بوو (هەمەدانی، ١٩٨٠: ٧٥). بەپلەی یەکەمیش گەنم بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی سەرەکی خواردەمەنی ئەو قۆناغە بوو، بۆیە چاندنی گەنم شەش بەرامبەری جۆو بەرووبومەکانی دیکە بوو (مجدی، ١٣٣٣: جلد اول، ٢٨). بەگشتیش بەرووبومە کشتوکاڵیەکانی ناوچەکە بریتین لە (توتن، گەنم، جۆ، گوڵەبەرۆژە، چەوەندەر، ماش، پەمۆ، برنج، گەنمەشامی و هەرزن)، هەروەها چەندین جۆری بەرووبومی تەرەکاری وەک (خەیار، تەماتە، کولەکە، باینجان، شوتی و کاڵەک) بۆ پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و بەشێکیشیان لەو بەرهەمانە دەنارده بازاڕەکان و لە (مەیدانی مەنگوڕان)ی مەهاباد دەفرۆشران (سەید ئەحمەد، ٢٠١٨: ٥١). هەروەک چۆن دکتۆر ڕەحمانی حەلەوی لەیادەوریەکانیدا ئاماژە بەوەدەکات کە جوتیارانی مەهابادو گوندەکانی دەوروبەری بەروبومەکانیان دەبردە بازاڕی مەهابادو بۆکان دەیانفرۆشت (حەلەوی، ٢٠٢٢: ٤٨).

جێگەی ئاماژەیە کە دوو جۆر زەوی وزاری کشتوکاڵی لەناوچەکە هەبووە، جۆری یەکەم: زەوی وزاری پشتاو (دێم) کە دانەوێڵە (گەنم و جۆو نیسک ونۆک)ی لێ چێندراوە، جۆری دووەم: زەوی وزاری (بەراو) کە (توتن و گوڵەبەرۆژەو پەمۆو برنج)ی لێچێندراوە. شەمیمی هەمەدانی ئاماژە بەوەدەکات کە پاش گەنم، توتن گرنگترین بەرهەمی ناوچەکانی کوردستانە و توتنی ئەو ناوچانە باشترین توتنە لەڕووی گەڵاو بۆن و جۆرەوە (شەمیمی هەمەدانی، ١٩٨٠: ٨٠). حوسێن حوزنی موکریانی، لەبارەی زەوی و زاری ناوچەی مەهابادو کوردستانی موکریانەوە ئاماژە بەوەدەکات کە چۆم و ڕووبارەکانی کانەیەکی گەوهەرییەو خاکەکەشی زێڕاوییە بۆ چاندنی گەنم و جۆو دانەوێڵە (حوزنی موکریانی، ٢٠٠٧: ١٠٢).

ئەوەی تێبینی دەکرێت هەروەک بەشێک لەسەرچاوەکان ئاماژەیان پێکردووە کەلە نزیک ئەو شوێنانەی ئاویان هەیەو شێی زیاتریان هەیە، سەوزایی و باغی زیاتری تێدایەو لەناودارەکاندا میوەی هەرمێ وکۆخ و جۆرەکانی تری میوە بەرچاودەکەون، هەروەها لەڕیزی دوورودرێژدا داری سپیندار ڕیزیان بەستووە، کە لە دروستکردنی خانودا کەڵکیان لێ بینراوە، لەبارەی بەروبومەکانی دانەوێڵەی وەک (گەنم و جۆو ماش)، دەبێت بڵێین، کە ئەوبەروبومانە دەوری گوندەکانیان داوە، لەپشتی جۆگەکانی ئاو واتا لەشوێنە دێمەکارەکاندا بەروبومی ئەوتۆ نەچێندراوەو گەشەی نەکردوەو ڕووەکە سروشتییەکان لەو شوێنانەدا بەشێوەی پەرش وبڵاو بەرچاودەکەون. بەگشتیش سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە دانەوێڵە لەبەناوبانگترین بەروبومی کشتوکاڵی ناوچەکە بوو، دانیشتوانی ناوچەکە بەشی پێداویستی ساڵانەی خۆیان بەرهەمیان هێناوە، بەشێوەیەکی سنوردار هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئامێرەکانی کشتوکاڵ کردن زۆر سەرەتایی و دواکەوتووبون ( صمدی، ١٣٧٧: ٨٩_ ٩١).

لەسەرەتای سەدەی بیستەم و دوای هاتنەسەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی، بارودۆخی ئابووری ناوچە کوردنشینەکانی ئێران تادەهات بەرەو خراپتر دەچوو، سیاسەتی ڕژێم، ژاندارم و ئیلتیزاماتی عەشایری، فشار و یاسای جۆربەجۆر بارودۆخی دانیشتوانی بەتەواوی بەرەو خراپی برد، ئەم بارودۆخە بەرەو خراپتر چوو کاتێک حکومەتی ڕەزاشا لەساڵی (١٩٣٥) یاسای دیاریکردنی کوێخا سجل (موختار)ی دەرکرد، بەگوێرەی ئەم یاسایە دەبوایە هەموو گوندێک (کوێخا سجل)ی هەبوایە، کوێخا سجل لەلایەن خاوەن موڵکەکانەوە دیاریدەکراو ببوە بارێکی دیکەی قورس بەسەر ژیانی جوتیارانەوە و خەڵکی دەڕووتاندەوە و لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکاندا هاوبەش بوو لەو ڕاوڕوتەدا (حیسامی، ١٩٨٦: ٢٦). سەبارەت بەخاوەنداریتی و شێوازی بەڕێوەبردنی زەوی وزارە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکەش، (ئۆلگە ئیڤانۆڤنە) ئاماژە بەوە دەکات کە لەناوچەی موکریان تەواوی زەوی وزار بەدەست دەرەبەگەکانەوە بوو، وەرزێرەکانیش بەگشتی لەژێر فەرمان و ملکەچی ئەواندا بوون، لەڕووی پەیوەندی هۆزایەتییەوە هەر بەدەرەبەگەکانەوە بەسترابوونەوە (ئیڤانۆڤنە، ١٩٩٨: ٤١).

دکتۆر ئاسۆ لە کتێبی بیرەوەریەکانیدا (خاطرات دکتر آسو) لەباسی بارودۆخی ژیانی دانیشتوانی مەهاباد ئاماژە بەوەدەکات کە هەرچەندە بواری کشتوکاڵ لەوپەڕی دواکەوتوویدا بوو، هەژاری و زوڵم و چەوسانەوە، ستەمی نەتەوایەتی لەلایەک و ڕاوڕوتی ژاندارم لەلایەکی دیکە

و بێگارو باج و ڕسوماتی دەرەبەگ و خاون موڵک و سوو سەلەم خۆریش، بڕستی لەبەر جوتیاران بڕی بوو، دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان لەبەر دەستی حکومەتدا ملکەچ بون و لەسەر جوتیارانیش زۆر نادادپەروەر بوون، جوتیارانی ناو مەهاباد و گوندەکانی دەورووبەری جیا لەوەی بە نیوەکارو سێیەک کاریان لەزەوییەکاندا دەکرد، لەگەڵ ئەوەش دەبوایە سەرانەو باج و ڕسوماتی دیکەش بدەنە ئاغاكان (آسو، ١٣٧٤: ٢٢٢). سەرچاوەکان ئاماژە بەچەندین جۆری جیاوازی باج و بێگار دەکەن لەسەر چینی جوتیاران کە زیاتر خۆی لەشێوازێکی زوڵم و زۆریدا دەبینەوە، لەوانەش:

١_ سەرانە: ئەوەبوو کە هەموو ڕەعیەتێکی گوندەکان دەبوو ساڵانە چەند ڕۆژێک بە بێگار و بەبەلاش کار بۆ ئاغاكان بکەن

٢_ فڕوجانە: هەموو ماڵێک دەبوو ساڵانە چەند فروجێک بدەنە ماڵی ئاغا

٣_ مەڕانە: ئەو ماڵانەی ئاژەڵدار بوون دەبوایە هەموو ساڵێک چەند ئاژەڵێک بداتە ماڵی ئاغاكان بەشێوەیەک هەر لە سەد مەڕێک یەک مەڕ بدەنە ماڵە ئاغا.

٤_ خوریانە: هەموو ماڵێکی مەڕدا ساڵانە دەبوایە ساڵی چەند خووریەک بدەنە ماڵی ئاغا، هەتا کچان ئەو خوریانەیان بۆ بشۆن و شانەشی کەن.

٥_ داسانە: ئەمەش جۆرێکی دیکەی باج بوو کە لەلایەن ئاغاکانەوە وەردەگیراو ساڵانە چەند پاڵە گیایەک دەدرا ماڵە ئاغا.

٦_ تەپاڵانە: هەموو ماڵە وەرزێرێک ساڵانە دەبوایە چەندین تەپاڵە بداتە ماڵی ئاغا و ئەمەش وەک سەرچاوەیەکی سوتان بۆ چێشت لێنان و خۆگەرمکردنەوە بەکاردەهات.

٧_ بەندەوان: هەموو ماڵە جوتیارێک ساڵانە دەبوو بۆ ماوەیەک کەسێک بنێرێتە ماڵی ئاغا بۆ ئیش وکاری ئاغا، و لەوەرزی بەهاریشدا بەندو جۆماڵیان پێدەکردن.

٨_ جێژنانە: هەموو جەژنێک دەبوایە دانیشتوان بە ئاغاوە بچن، لە وشتر و ئەسپ و گاو جووت و شەک بەران بۆ ئاغا بەرن.

٩_ پێشکەش: ئەگەر لەگوندەکاندا کێژێک شوی کردبا یان کوڕێک ژنی هێنابا دەبوایە پێشکەش بدرێت بە ئاغەم

بەمەش یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی ئابوری مەهاباد لەو قۆناغەدا لەسەر کشتوکاڵ کردن وەستابوو، کە خاکی ناوچەکەو ئاووهەوا هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی کە بەشێک لە دانیشتوانی ناوچەکە کشتوکاڵ وەک سەرچاوەیەکی گرنگی داهات چاو لێبکەن و بەشێک لەدانیشتوانی ناو شارەکەو گوندەکانی دەورووبەری سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان لەسەر کشتوکاڵ بەند بوو بەتایبەت گەنم و جۆ و گەنمەشامی و لەهەمووشیان گرنگتر توتن بوو (حیسامی، ١٩٨٦: ٢١_ ٢٣). توتن یەکێک بوو لەو بەرهەمە هاوینیانەی کە زۆرترین دانیشتوانی مەهابادو دەوروبەری بەدرێژی قۆناغەکان پێوەی خەریک بوون، ڕۆڵێکی دیاری لەنەخشی ژیانی ئابووری مەهاباددا هەبوو، ئەم گرنگیدانە بەتوتن بەردەوام دەبێت هەتا دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، کۆمار بایەخێکی تایبەتی بە توتن و بازرگانی توتن دەدا، وەک سەرچاوەیەکی گرنگی داهات، هەربۆیەش لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا لەساڵی ١٩٤٦ هەوڵدرا کە جوتیاران لەبەرهەم هێنانی توتندا شارەزایی وەربگرن، هەربۆیە لەبەشێک لەژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا بابەتی تایبەت بە بەرهەمهێنانی توتن وەبەرچاو دەکەن لەگەڵ ڕێگاکانی زیادکردنی بەرهەمی توتن و چارەسەرەکانی بەردەم کشتوکاڵ و توتن لە مەهاباد، (ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە٥٢، ١١ی جۆزەردان ١٣٢٥: ٢).

بەم شێوەیە کشتوکاڵ وەک یەکێک لە سێکتەرە گرنگەکانی ژیانی ئابوری دانیشتوانی مەهاباد خۆی وێنادەکرد و ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەدابینکردنی بژێوی ژیانی بەشێک لەدانیشتوانی شارەکە، بەتایبەت تریش ئەو جۆرە لەبەرووبومە کشتوکاڵیانەی هەم بۆ ژیانی ڕۆژانە بەکاردەهاتن وەک دانەوێڵە، هەم ئەو بەرهەمانەی دەچونە سێکتەری بازرگانی و پیشەسازیەوە لەوانەش توتن و لۆکە.

باسی دووەم: ئاژەڵداری

شاری مەهاباد لەسەرەتای دروستبوونیەوە کاریگەری جێگیربوونی ئەو هۆزانەی بەسەرەوە بوو کە تیایدا جێگیربوون، شارەکە مەڵبەندی نیشتەجێ بوونی سێ عەشیرەتیە گەورەکانی (مەنگوڕ، دیبۆکری و گەورک) بوو، ئەمەش کاریگەری دیاری لەسەر شێوازەکانی ژیان هەبوو

لەشارەکەدا، هەروەک جەلائی پور ئاماژەی پێدەکات کە بەشێک لەدانیشتوانی شارەکەو دەوروبەری کۆچەری و بەشێکیان نیمچە کۆچەری بوون لە کوێستانەکان و لەوەڕگاکانی دەوروبەری مەهاباد گەرمیان و کوێستانیان دەکرد (جەلائی پور، ١٣٨٤: ٢٨).

هەربۆیەش بەشێوەیەکی گشتی ئاژەڵداری یەکێک بوو لەسیما دیارەکانی ناوچەکە، ئەم جۆرە لە شێوازی ژیانەش کاریگەری دیاری هەبوو لەسەر سیماکانی ژیان لەناوچەکەداو سەرنجی بەشێکی دیار لەو گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسانەی ڕاکێشاوە کە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە هاتوونەتە ئێران و مەهاباد، لەوانەش ئیدا فایفێری ئوتریشی (Preifrrer, ١٨٤٨: ٢٧١ _ ٢٨٤) (گەڕیدەی سەدەی نۆزدەهەمی ڕۆژهەڵات و کوردستان، لەساڵی ١٨٤٨ لەدوا مانگەکانی دەسەڵاتدارێتی فەتح عەلی شای قاجار بەتەنها هاتۆتە ئێران، لەبەشێ یاداشتەکانی سەفەری کوردستاندا هاتۆتە مەهابادوو زانیاری زۆری لەسەر دانیشتوانی شارەکە باس کردووە (ڕامێدی نیا، ١٣٩٨: ١٧٥).

لەبارەی شێوازی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکانی موکریانەوە، دمۆرگان ئاماژە بەوەدەکات کە کوردەکانی موکریان بۆ دوو دەستەی نیشتەجێ و کۆچەری دابەش دەکرێن (دمۆرگان، ٢٠١٢: ٣٢) لەمەشدا ژینگە یارمەتیدەری ئەوە بوو بەشێک لەدانیشتوانی شارەکەو دەوروبەری بە ئاژەڵدارییەوە خەریک بن، ئەمەش بوەتەهۆی ئەوەی جەوادی قازی لەباسکردنی کاروکەسابەتی دانیشتوانی هۆزەکانی ناوچەکە ئاماژە بەوەبکات بەگشتی کاسبیەکەیان مەڕدارییەو هەندێکیشیان جوتیارن (جەوادی قازی، ٢٠٠٩: ٣٠). یەکێکی دیکەش لەتایبەتمەندیەکانی ئاژەڵداری هۆزەکانی مەهابادو ناوچەکانی دەوروبەری هاوشێوەی هۆزەکانی تری کوردستان، ئەوەبوو بەمەبەستی بەخێوکردنی مەڕومالاتیان گەرمێن و کوێستانیان دەکرد، وەرزی شوانکارەیی لەسەرەتایی وەرزی هاوین دەستی پێ دەکردو بۆماوەی چەند مانگێک لەکوێستانەکان دەمانەوەو لەسەرەتای وەرزی پایزدا دەگەڕانەوە بۆ گوندەکانیان (سەید ئەحمەد، ٢٠١٨: ٥٢).

ئاژەڵداری و بەتایبەتیش مەڕداری، یەکێک بوو لەلایەنە ئابورییەکانی بەشێک لەدانیشتوانی مەهاباد، بەتایبەت عەشیرەتەکان و دانیشتوانی گوندەکانی سەر مەهاباد و دەوروبەری، مێگەلەکانیان دەبردە لەوەڕگا خۆشەکان و ئەسپ و ماینی بەهێزو خێرایان بۆ گەرمێن و کوێستان بەخێودەکرد، و زۆر چاک لەم کارەیان دەزانی (شەمیمی هەمەدانی، ١٩٨٠: ٧٦). هەندێک لەخەڵکی هەتا هەزار سەر مەڕی هەبوو، هەرچەندە شێوازەکانی بەخێوکردنی مەڕداری و ئاژەڵداری هەر لەسەر هەمان شێوازی کۆن بوو، مەڕدارەکان هاوینان و لەکاتە گەرمەکاندا دەچوونە شاخە بەرزەکان وەک شاخی سەرحەدی. بەهۆی نەبوونی کەرەستەی پێویست لەمەهابادەوە گۆشت هەناردەی شارەکانی دیکە نەدەکرا، بەڵکوو ئاژەڵدارەکانی مەهاباد ئاژەڵیان بەتایبەتی مەڕ بەشێوەی بازرگانی بۆ فرۆشتن دەنارده شارەکانی دیکە وەک تاران، بێجگە لە مەڕ، گا، مانگاو گامێشیش لەمەهاباد بەخێودەکران (مجدی، ١٣٣٣: جلد اول، ٣٠ - ٣١).

کوردناسی ڕووس، ڤاسیلیەڤا ئاماژە بەنیشتەجێبوونی بەشێک لە عەشیرەتەکان لە مەهابادو دەوروبەری، کە ئەوانە پایەکی سەرەکی ژیانی ئابووریان لەسەر ئاژەڵداری بوو (ڤاسیلیەڤا،٢٠١٥: ١٣١)، کە بێگوومان ژیانی ئابوری عەشیرەتەکانیش لەو قۆناغە بەپلەی یەکەم لەسەر ئاژەڵداری و دواتر کشوکاڵ بەندبوو.

مسیۆنەری ئەمریکی فاسوم کە لەسەرەتای سەدەی بیستەم دەچێتە مەهاباد، لەبارەی ژیانی ئابوری دانیشتوانی مەهابادەوە ئاماژە بەوەدەکات پیشەی سەرەکیان بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و ئەسپ و بزنە'' (جان لیگرێ، ١٩٦٨: بێ ژمارەی لاپەڕە).

لەلایەکی دیکە بەهۆی ئەوەی ناوچەکە ناوچەیەکی کوێستانییە، سەوزایی و ئاوێکی زۆری هەیە، ئەمەش وایکردووە ناوچەکە بۆ ئاژەڵداریش لەباربێت، بەشێوەیەک کە لەمانگی دوو بەدواوە شاخەکانی دەوروبەری مەهاباد سەوز دەبن، لەناو ئەو ئاژەڵانەی لەناوچەکەدا هەن، مەڕ یەکێکە لەو ئاژەڵانەی لەگەڵ ژینگەی ناوچەکەدا دێتەوەو توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکە، هەربۆیەش بەشێک لە عەشیرەتەکانی مەهابادوو ناوچەکانی دەوروبەری وەک مەنگوڕو دیبۆکری سەرقاڵی بەخێوکردنی مەڕ بوون، هەندێک لە ماڵەکانیشیان نزیکەی پێنج بۆ شەش هەزار سەر مەڕیان هەبوو، ئەمەش سەرچاوەیەکی ئابووری بەهێز بوو بۆ دانیشتوانی شارەکەو دەوروبەری سودێکی خۆبژێوییان لەبەروبوومە سپاییەکان و ئاژەڵداری وەردەگرت (کلباسی، ١٣٦٢: ٢١). بەهەمان شێوە لەیاداشتەکانی مارتن ڤان برۆنسن ئاماژە بەوەکراوە بەشێک لەدانیشتوانی ناوچەکە سەرگەرمی بەخێوکردنی مەڕومالاتن (برۆنەسن، ٢٠١٢: ٨٢).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەوە ڕوونە کە لەو قۆناغەدا ئاژەڵداری و بەرووبومەکانی، یاریدەی بەشێکی زۆری خەڵکی داوە تا بژێوی ژیانی خۆیانی پێدابین بکەن، بەشێک لەوانەشی کە خەریکی کاری ئاژەڵداری بوون کەلوپەل و کەرەستەی بەکەڵکیان دەنارد بۆ دوکانە بچوکەکانی ناو شار کە پێویستیان پێبوو، بازرگانی وەکو کڕین و فرۆشتنی مەڕ و خوری و پێستە، هەروەها بازرگانی کەرە و پەنیر و مازوو و داری سوتاندنیش ئەنجامدەدرا، هەشیان بوو کەرەستە و پێویستییان بۆ بازاڕی شارە گەورەکانی وڵاتانی دراوسێ دەنارد (تۆمابوا، ١٩٨٠: ٦٦). بەگشتیش هۆزەکانی مەهابادو گوندەکانی دەوروبەری لەوەرزی هاویندا دەبوون بەدوو بەشەوە، بەشێکیان لەگوندەکان دەمانەوەو سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی بوون، بەشێکیشیان دەچوونە کوێستانەکان بەمەبەستی ئاژەڵداری، چەند کەسێکیان لەوەرزی هاوین و دروێنەدا لە کوێستانەکانەوە دەگەڕانەوە خوارەوەو دوای تەواو بوونی دروێنەو ئاودانی بەروبومەکانیان دەچونەوە کوێستانەکانیان تاسەرەتای وەرزی پایز لەوێ دەمانەوە، لەگەڵ تەواوبوونی وەرزی هاوین دەگەڕانەوە گوندەکانیان، لەبەناوبانگترین ئەو ئاژەڵانەی کە لەناوچەکەدا بەخێودەکران بریتی بوون لە: (مەڕ و بزن و مانگا وگامێش و ئەسپ و ئێستر و گوێدرێژ) (سەید ئەحمەد، ٢٠١٨: ٥٢).

لەلایەکی تر هۆزەکانی ناوچەی مەهاباد چەندین هەوارگەیان لەناوچەکەدا هەبوو کە لەوەرزی هاویندا یارمەتی بەخێوکردنی ئاژەڵداریان دەداو گەرمیان و کوێستانیان دەکرد وەک (جەوادی قازی) لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئاماژە بەوەدەکات (جەوادی قازی،٢٠٠٩: ٢٨). بەدەر لەوانەش ئەو بەرووبومە سپاییانەی کە لە شیر دروست دەکران بە دەستی کچان و ژنانی مەهاباد سەرچاوەیەکی ئابووری بوون بۆ شارەکە، لەگەڵیشیدا پیشەسازیە دەستیەکانی وەک تەونکاری یەکێک لە پیشە گرنگەکانی ئەوانە بوو کە بە ئاژەڵداریەوە خەریک بوون، یەکێک لە بەرهەمەکانی مەڕداری بریتی بوو لە خوری، کە هەندێک لە سەرچاوەکان خوری ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران بەباشترین خوری ئێران دادەنێن(شەمیمی هەمەدانی، ١٩٨٠: ٧٦ - ٧٧). هاوکات چەندین بەرهەمی جۆربەجۆری وەک: (ماست و ڕۆنەکەرەو پەنیر و ڕۆن و شیرێژ و کەشک، خوری)یان لە بازاڕی مهاباد و (لەمەیدانی مەنگوڕان) دەفرۆشران، هەر لەوێ بەپارەکەی کەلوپەلی ژیانی ڕۆژانەیان وەک: (قەندو چایی ورۆن و قوماش وکەوش وبرنج)کڕیوە (فەتاحی قازی، ٢٠٠٩: ٧٢).

خاڵێکی دیکەی تایبەتمەند ئەوە بوو کە بەشێک لە ئاژەڵدارەکانی ناوچەی مەهابادو موکریان لە وەرزە ساردەکان لەناوچە گەرمترەکاندا شوێنی حەوانەوەیان بۆخۆیان دروستکردووە، بەڵام لەوەرزەکانی تردا بۆ شوێنەکانی خۆیان دەگەڕێنەوەو لەناو مەزراکاندا خێوەت بەرزدەکەنەوەو ئاژەڵەکانیان بۆ ئەو شوێنانە دەبەن، لەگەڵ توانەوەی بەفرەکان ئاژەڵدارەکان لەماڵەکانیان دەردەکەون و خێوەتەکانیان بەرزدەکەنەوەو لەکاتی گەرمادا تا لووتکە بەرزەکان دەچن، لەسەرەتای پایزیشەوە ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی پێچەوانە ڕوودەدات، تا مانگی سێپتەمبەر ئەم پرۆسەیە بەتەواوی بە ئامانج دەگات، بەگشتیش لەناو کوردە نیشتەجێ بووەکاندا پیاو بە کشتوکاڵ کردن و ئافرەتان بە ئیشی ماڵەوە خەریکن، بەڵام لەناو کوردە کۆچەرییەکاندا بەپێچەوانەوە ئافرەتان و منداڵان گشت کارەکان جێبەجێدەکەن و پیاوەکان ئیسراحەتترن و جارجاریش خەریکی شەڕو تێکهەڵچوونن (دمۆرگان، ٢٠١٢: ٣٣ _ ٣٥).

حوسێن حوزنی موکریانی ئاماژە بەوەدەکات کە مەهابادو ناوچەکانی کوردستانی موکریان بەهۆی ئاووهەواو گژوگیای زۆر بوونە خاوەنی ئاژەڵی کێوی زۆر، سروشتی خاکی ناوچەکە وایکردووە هەموو جۆرە ئاژەڵێکی لێ پەروەردە بێت، جا چ ئاژەڵی کێوی بێت یان ئاژەڵی ماڵی کراو، لەبەناوبانگترین ئەو ئاژەڵانەی لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە بەخێودەکران بریتی بوون لە مەڕ و بزن، باشترین ئاژەڵەکانی ناوچەکەش بریتین لە : (ئەسپ، ماین، گا، مانگا، گامێش، کەڵ، ئێستر و کەر)، هاوکات لە شاخ و دەشت و دۆڵەکانی ناوچەکەدا گەلێک جۆر ئاژەڵی کێوی هەن وەک: (پڵنگ، گورگ، ڕێوی، چەقەڵ، کەمتیار، بەراز، ورچ، دەڵەک، کەروێشک و سمۆرە)، لەگەڵ چەندین جۆرە ئاژەڵی دیکە کە لەلایەن خەڵکەوە ڕاو دەکرێن و سود لە گۆشت و پێستەکەیان وەردەگیرێت، هەتا کەوڵ و پێستی بەشێک لەو ئاژەڵانە بازرگانی پێوەدەکراو بۆ بازارەکانی ئەوروپا ڕەوانەدەکرا (حوزنی موکریانی، ٢٠٠٧/٢: ١٠٢).

بەدەر لەوانەش ناوچەی مەهاباد ناوچەیەکی لەبار بوو بۆ بەخێوکردنی ئەسپ، هەرلەکۆنەوە ناوچەی مەهاباد بەناوچەی بەخێوکردنی ئەسپی ڕەسەن ناوبانگی دەرکردبوو، بەخێوکردن و پەروەردەکردنی ئەسپ بەیەکێک لەشانازییەکانی خەڵکی ناوچەکە ئەژماردەکرا، خەڵکی

مەهاباد ئارەزوویەکی زۆریان بۆ بەخێوکردنی ئەسپ هەیە و بەشێک لەکەرەستەکانی گواستنەوە بەتایبەت لەلای عەشرەتەکانی ناوچەکە وەک مەنگوڕ، گەورک و مامەش و پیران لەڕێگەی ئەسپەوە جێبەجێدەکرا (مجدی، ١٣٣٣: جلد دوم، ٣١).

بەمەش دەردەکەوێت ئاژەڵداری وەک پایەکی دیکەی گرنگی ئابووری شارەکە سەیربکرێت، کە بێجگە لەپێداویستییە ناوخۆییەکان بەشێکیشی لێ هەناردەی شارو هەرێمەکانی دیکە کراوە، ئەم کەرتەش سەرباری کەرتەکانی دیکە ئامرازێک بووە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی بەشێک لەدانیشتوانی شارەکە.

## باسی سێیەم: پیشە دەستیەکان

پیشە دەستیەکانیش یەکێکی دیکە بوون لە لایەنە گرنگەکانی ئابوری دانیشتوانی مەهاباد، بەشێک لەدانیشتوانی شارەکە بەچەندین پیشەی جۆربەجۆری سەرەتاییەوە خەریک بوون، ئەوەش بەگوێرەی قۆناغ و ماوە مێژووییەکان گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە. ژیانی ئاژەڵداری و مەڕداری وهۆکارێکی گرنگ بوو بۆ دامەزراندنی چەند پیشەیەکی سەرەتایی دەستی بەتایبەت ئەوانەی کە لە مووی ئاژەڵ دروستدەکران کە ئەمەش لەلایەن ئاژەڵداران و مەڕدارەکانەوە جۆرێک لە پسپۆڕی سەرەتایی وەرگرتبوو، ئەوەش لەناو بەشێک لەدانیشتوانی شاری مەهابادو دانیشتوانی گوندو ناوچە شاخاویەکانی کوردستاندا باوە، بەتایبەت لەوەرزی زستاندا ئاووهەوای ساردی ناوچە شاخاوییەکان کە پلەی گەرمی ئەوەندە دادەبەزێت دانیشتوانی گوندەکانی دەورووبەری مەهاباد ناچاربوون کاتی خۆیان بە تەون کردن بەسەرببەن، هەربۆیەش دەبینین چەندین جۆر کەلوپەل ئەوانەی لەڕێگەی مووی بزنەوە دروستدەکران، هەربۆیەش چەندین فەرش و قاڵیچەو بەرماڵ لە خوری و موو دروستدەکران، بەڕەو جاجمی ناوچەکە جیالەوەی وەک سەرچاوەیەک بۆ ئاژەڵداران بەکاردەهات و ڕۆڵێکی دیاریان لە بازاڕیشدا هەبوو (شەمیمی هەمەدانی، ١٩٨٠: ٧٦ - ٧٨)، بەدەر لەوەش هاوشێوەی ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و موکریان پیشە سەرەتاییەکانی وەک (دارتاشی و ئاسنگەری و جۆلایی و تەونی کوێن و ڕایەخ و تەنینی جلوبەرگ) لەناوچەکەدا هەبوون (سەید ئەحمەد، ٢٠١٨: ٥٤).

لەنامەیەکی ئالما فاسوم کە لەمەهابادەوە نوسراوەو لە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری (کوردستان مشێنێری) لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١ بڵاوکراوەتەوە هاتووە:'' لێرە ژنان کاری دەستی زۆر جوان دەکەن، دەچنن، تەشی دەڕێسن و هەموو جلوبەرگێک دەدروون، بەڵام دیارە جلوبەرگی ئەوتۆشیان هەیە لە کارگە سازکراوێ، ئەوان زۆریان حەز بە بەرمووروو شوشەو زێڕی خۆ پێڕازاندنەوەو زێڕو جەواهیراتە، منداڵان زەنگوڵەی بچووک لە گوێزینگ و مەچەکیان دەکەن (کوردستان مشێنری، ١٩٢١: ژمارە ١٠). هاوکات ئاگوستا گودهارت ئاماژە بەوە دەکات کە ئامێری ڕستن و چنین لە مەهاباد هەبوو، کوتاڵ بۆ جلووبەرگ سازدەکرا (حەسەن پور، ١٩٧٧: ١٠).

ئۆژین ئوبن لەبارەی شیوازی ژیانی دانیشتوانی مەهابادەوە ئاماژە بەکارو کاسبی جوولەکان و مەسیحیەکانی مەهاباد دەکات و ئاماژە بەوەدەکات کە مەسیحییەکان سەرقاڵی پیشەدەستییەکانی وەک دروستکردنی پاچ و پێمەڕەو وردەفرۆشی و کاروکاسبی بچووکەوە ژیانیان دابین دەکرد، پارچەو بزوو قوماش و کاڵای وردەیان بە گوندو ناوچەکانی دەورووبەردا دەگێراو دەیان فرۆشت (ئوبن، ١٣٦٢: ١١٤). کە ئەمانەش بەشێکیان لەڕێگەی ئاژەڵدارییەوە بەرهەم دەهات بەتایبەتیش ڕەشمال وەک مارک سایکس ئاماژە پێدەکات کە ئاسنگەرو جۆلایی دەست ڕەنگین و دروستکردنی ڕەشماڵ چۆن لەکوردستان هەبوون (سایکس، ٢٠٠٧: ٣١ - ٣٣) بێگومان ئەو جۆرە پیشانە لەمەهابادیش بوونیان هەبوو.

لەلایەکی دیکە مێژوونوسی ئابوری ئێرانی چارلز عیسوی لەبارەی باری ئابوری شارەکەو پیشە جۆربەجۆرەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی شارەکەوە دەڵێت'' جولەکەکان و مەسیحییەکان لەشارەکەدا هەبوون، جوولەکەکان سەرقاڵی کاروباری بازرگانی و پیشە سەرەتاییەکان بوون، لەباری ئابوورییەوە تائاستێک لەژیانیکی خۆشدا دەژیان، لەبەرامبەر ژیانی مەسیحییەکانی مەهاباد خۆش نەبوو، زۆربەیان بە هەژاری و ماندووبوون و بەدبەختی ژیانیان دەبردە سەرو هەتا ژیانیشیان زۆر پارێزراو نەبوو (عیسوی، ١٣٦٢: ٨٨).

بەخوێندنەوەمان بۆ قۆناغەکەو پیشە میللی و دەستییەکان دەتوانین بڵێین چەندین پیشەی جۆربەجۆر لەو قۆناغەدا لەمەهاباد هەبوون

ە لەلایەن ژنان و پیاوانەوە لەماڵەکاندا بەڕێوەدەبران، کە زیاتر پیشەی سەرەتایی بوون لەنموونەی (قەزازی، کڵاوچنین، کڵاش دروون، تەونکردن، بەرگ دورین، جۆڵایی، هەلاجی، لێفە دروو، مزگەری، شانەگەری، سەراجی، سەرتاشین، تەنەکەسازی، کارگەچی، هەلاج، حەڵواچی، دارتاش، ئاسنگەر، سابونچی، نەقاڕ، خەنجەرسازی، چەخماخساز، سەڕاف، ناڵبەند، دەباخچی، موتابچی، زین دروو، سەلاق، قەپانچی، عەلاف، جەراح، هتد...). لەبەناوبانگترین پیشە دەستییەکانی مەهاباد بریتی بوون لە:

١-زینی سابڵاغی: یەکێ لەو جۆرە لەپیشە سەرەتاییانە لەمەهابادا بڵاوبوون، سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن پیشە دەستییەکان لەناو شاری مەهابادو گوندەکانی دەوروبەری باویان هەبووەو بەردەوام لەگۆڕانکاری و برەوسەندندا بوون، هەندێکیش لەو بەرهەمە دەستیانەی لەمەهاباد بەرهەم دەهاتن بازاڕێکی باشیان هەبوو، هەندێکیشیان خواستی زۆریان لەسەر بوو بەشێوەیەک بۆ ئەو قۆناغە لەپیشەسازییە سەرەتاییە گرنگەکان ئەژمار دەکران، بەتایبەت پیشەیەکی وەک (سەراجی مەهاباد)، لەنموونەی ئەو زینی ئەسپانەی کە لەمەهاباد بەرهەم دەهاتن پێیان دەگوتن (زینی سابڵاغی) کە زۆر ناسراو بوو و لەشارەکانی کوردستاندا خواستێکی ئێجگار زۆری لەسەر بوو (صمدی، ١٣٩٦: ١٣٠).

٢-سەراجی: پیشەی سەراجی ئامادەکردنی زین و کورتان و ئەسارو ئامرازی ئەسپ سواری لە مەهاباد بازاڕی زۆری هەبووە، بەشێک لەکەلوپەلەکانی سەراجی لەناوخۆی شار سازدەکران، چونکە ئەسپ سوراری پێویستی بە زین، لغاو، ناڵبەندی، کورتان، زۆر جاریش ئالەتەکانی جوانکاری بۆ ئەسپ و ئێسترو ئاژەڵە بەرزەکان هەبوو، زۆرجاریش بەرهەمی سەراجی شاری مەهاباد دەنێردرا بۆ شارەکانی ئێران و دەرەوەی ئێرانیش (کلباسی، ١٣٦٢: ٢١).

٣-ڕانک وچۆخەی مەهابادی: بەهۆی ئەوەی کە جلووبەرگی کوردانی مەهاباد جلوبەرگی تەواو کوردی بوو، بۆیە یەکێک لەو پیشە دەستیانەی لەشارەکە بازاڕێکی باشی هەبوو دروستکردنی ڕانک و چۆخەی بزوو بوو کە لەکوردستاندا بە (ڕانک و چۆخەی مەهابادی) ناوبانگی دەرکردبوو، ئەم پیشە سەرەتاییەش هاوشێوەی چەندین کاری دەستی دیکە هەموویان لەڕێگەی موو و خوری ئاژەڵەکانیانەوە دروست دەکراو، ربیع بدیعی لە بارەی ئەوجۆرە پیشانەی لەمەهاباد هەبوون ئاماژە بەوە دەکات کە دروستکردنی جل وبەرگی کوردی (ڕانک وچۆخە)کە لە مووی بزن دروستدەکرێت لەپیشە گرنگەکانی بەشێک لەدانیشتوانی مەهاباد (بدیعی، ١٣٧٣: ٨٧). قاتی کوردی بوزوو یەکێک بوو لە دەستچنە دیارەکانی خەڵکی مەهاباد، کە بازاڕێکی باشی هەبوو (مجدی، ١٣٣٣: جلد اول، ٣٠). جلووبەرگی کوردی مەهابادی سەرنجی بەشێک لە گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسانی ڕاکێشاوە، لەوانەش ئیدا فایفێری سویدی لەسەردانەکەیدا بۆ مەهاباد ئاماژە بەجوانی و ڕێکوپێکی جلووبەرگی کوردانی مەهاباد دەکات و سەرسام بووە بەشێوازی دورینی جلووبەرگەکەیان (preiffer,١٨٤٨: ٢٧١_٢٨٤)

هەروەها کلباسی باس لەوە دەکات کە یەکێک لەو پیشانەی دیکە کە لەناو کورددا زۆر بەربڵاووبووە جۆڵایی بووە، جۆڵایی لە مەهابادو باقی شارەکانی کوردستان یەکێک بووە لە پیشە دیارەکان و لە کۆنترین ئامێرەکانی جۆڵایی جل و بەرگیان سازکردووە لەڕێگەی مووی بزنەوە، کە مووەکەی لەلایەن ژنانی گوندەکانەوە لەڕێگەی تەشی ڕستنەوە بەرهەم دەهات و دەنێردرا شارەکان و جۆڵاکانیش لەڕێگەی ئامرازی جۆڵاییەوە دەیانکردە قوماش، کەلوپەلی جیاوازی وەک دروستکردنی قاتی بزوو بۆ جلوبەرگی پیاوانە، بەرماڵ بۆ نوێژ بەکاردەهات، لەگەڵ ئەوەشدا کە جلوبەرگ و قوماش لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانییەوە لەڕێگەی بازرگانەکانەوە دەچووە مەهاباد، بەڵام کاروباری جۆڵایی و دروستکردنی جلوبەرگی خۆماڵی بەلای خەڵکی مەهابادەوە خواستی زۆری هەر لەسەر بوو (کلباسی، ١٣٦٢: ٢١). صمدیش ئاماژە بە بەناوبانگی بزووی مەهابادی دەکات، بەتایبەت قوماشی بزوو کە لەمەهاباد بەرهەم دەهات بۆ دروستکردنی چەندین جۆری جلوبەرگی کوردی بەکار دەهات، بەتایبەت ڕانک و چۆخە، دەکرێ بڵێین مەهاباد خاوەنی براندی تایبەت بەخۆی بووە لەو بوارەدا (صمدی، ١٣٩٦: ١٣٠). لەگەڵ ئەوەشدا شاڵی تەنکی خوری بۆ جلوبەرگی هاوینە و قوماشی ئەستور بۆ زستان و چەند شێوەیەک لە قوماش بۆ جلوبەرگ بە دەست و پەنجەی کوڕان و پیاوان و ژنان سازدەکران (شەمیمی هەمەدانی، ١٩٨٠: ٧٨ - ٧٩).

٤-پەستەک: یەکێك لەو پیشە دەستیانەی دیکە کە لەمەهاباد هەبوو لەڕێگەی مووی ئاژەڵەوە بەرهەم دەهات پەستەکی موو بوو،

پەستەکی مەهابادی ناسراو بوو لەکوردستان و بازاڕێکی باشی هەبوو، لەگەڵیدا بارانگیریش بەرهەم دەهات بۆ وەرزی زستان بەتایبەت بۆ شوانەکان ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە لەوەرزی زستاندا لەسەرماو بارانی زۆر پارێزراوبن (صمدی، ١٣٩٦: ١٣٠).

٥-گۆرەوی و زەنگاڵ: جگە لەمە چەند پیشەیەکی تری کاری دەستی لەناوچەی مەهابادو کوردستانی موکریان هەبوون وەک: دروستکردنی (قوماشی بزوو، بەرماڵ، کڵاو، جاجم، بەڕە، جۆراب (گۆرەوی)، (دەستکێش و کلێتەو زەنگاڵ) و لە وەرزی زستانیشدا جل وبەرگی زستانەیان دروست دەکرد، کە بەزۆری ئەوکارانە لەلایەن ژنانەوە ئەنجام دراوە، صمدی ئاماژە بەوە دەکات هەرچەندە پیشە دەستییەکان لەمەهاباد لەقۆناغی سەرەتایی و لەسەر هەمان شێوازی کۆن بوون، بەڵام چەندین پیشەی دەستی جۆربەجۆر لەمەهابادا هەبوون لەوانەش جۆلاکان، کە چەندین جۆر ڕانک و چۆخەی پیاوانەیان دروست کردووە کە پێیان دەگووت (بزوو)، لەگەڵ چەندین جۆر بەرماڵ، پەشمین و جاجم، ژنانیش لەماڵەوە چەندین جۆر کڵاو، جۆراب، بەڕە و عەرەقچین یان دروست دەکرد (صمدی، ١٣٧٣: ٢٣٦ - ٢٣٧).

٦- پێڵاو دروستکردن: یەکێک لەو پیشانەی دیکە کە لە ناوچەکە بوونی هەبوو پێڵاو دروستکردن بوو لەپێستی ئاژەڵ، کە بە پێڵاوی مەهابادی ناسرابوو (کلباسی، ١٣٦٢: ٢١). هەروەها جۆرێکی دیکەی پێڵاویش هەر لەمەهاباد دروست دەکرا کە پێیان دەگوت (کالەی شەمامەبەندی) لە چەرمی ئاژەڵ و بەبەکارهێنانی مووی ئاوریشمی بەچەندین ڕەنگی جیاواز دەیانڕازاندەوە، بەشارەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاودەکرایەوەو بە کالەی شەمامەبەندی ناوبانگی دەرکردبوو (صمدی، ١٣٩٦: ١٣٠).

٧- ئاسنگەری و دارتاشی: ئاسنگەری کە پیشەیەکی سەرەتایی بوو، لەڕێگەی ئامرازە سەرەتاییەکانی ئاسنگەریەوە لە مەهاباد کاری لەسەر دەکرا، ئەو کەسانەی ئەو کارەیان دەکرد لە مەهاباد (پێمەرە، پاچ، قوڵینگ، بیور، تەورداس، کوین، بزمار، ناڵی ئەسپ، چەکوش)یان دروست دەکردو سودێکی باشی ماددی و مەعنەوی بۆ دانیشتوانی ناوچەکە هەبوو (کلباسی، ١٣٦٢: ٢١). هاوکات بۆ کاری دارتاشی و خەراتی وەستای دەست ڕەنگین هەبوون، شتومەکی وردو پێداوستی ناوچەییان دابین دەکرد، وەک دروستکردنی قوتوە جگەرە، جانتای دەستی و چەمەدانی گەورەو بچووک، گۆچان و داردەستی قایم، تەختە نەردو شەترەنجی جوان لە داری دارستانەکان دروستدەکران، زیاتریش ئەو جۆرە کارانە بەدەست مەسیحییەکانەوە بوو (شەمیمی هەمەدانی، ١٩٨٠: ٧٩).

٨- پیشەی فەرش دروستکردن: لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جۆرێک لە فەرشی تایبەت بەخۆیان دروستدەکرد، لەبەشێک لەناوچەکان فەرشی میللی و خودسازی تایبەت بەخۆیان هەبوو، لەبەناوبانگترین ئەو ناوچانەش بریتی بوون لە فەرشی ناوچەکانی سنە، لەبلاغ، کولیایی، گەڕووس، هەوشار، شکاک، لوڕستان، بروجرد، و مەهاباد (شەمێرانی، ٢٠٠٢: ٨٧ - ٩٠). شاری مەهاباد یەکێک بوو لەو شارانەی خاوەنی جۆرێک لە فەرشی خودسازی و تایبەتی خۆی بوو، دەکرێ بڵێین فەرشی مەهابادی لەناوچەکانی کوردستان ناو و ناوبانگی تایبەت بەخۆی هەبوو، ئەگەرچی دروستکردنی فەرش لەکوردستان لەقۆناغی سەرەتاییدا بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی فەرشی خودسازی ناوچەیی بوو بۆیە خاوەن ناوبانگێکی تایبەت بەخۆی بوو. هەروەک بیشۆب لەبارەی فەرشی دەستسازی ناوچەکەوە دەڵێت: ''مەهاباد مەرکەزێکی گرنگی بازرگانییە، کە بازرگانییەکی فراوانی هەیە لەگەڵ ڕووسیادا، دەگوترێت کۆمپانیایەکی فەرەنسی ساڵانە فەرشی دەستسازی مەهابادیان بەبەهای چەند هەزار فرانک دەکڕی (Bishop,١٨٩١: ٢٠٨). هەر لەمبارەیەوە ئاگوستا گودهارت دەڵێت:'' ئێمە مافورمان دەچنی و کەتان لە ڕوسیاوە دەهات، نیشانەکان لە پێشدا لە ڕوسیا چندرابوون و دوایە بەوان مافورمان دەچنی، زۆربەی ڕەنگەکان لە گیاوگوڵ و شیناوەردی شاخەکانەوە بوون، ئێمە ماشێنی درونی دەستیمان هەبوو (حەسەن پور، ١٩٧٧: ٧ -٨).

٩-پیشەکانی دی: بێجگە لەو پیشە سەرەتاییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، هاوکات چەند پیشەیەکی دیکەی جۆربەجۆر لەشارەکەدا هەبوون، وەک دروستکردنی (ملپێچ و گۆرەوی و زەنگاڵ) کە بە کارە دەستییەکانی بەشێک لەدانیشتوانی شارەکە دادەنران (بدیعی، ١٣٧٣: ٨٧). هەروەها دروستکرنی جۆرە چاکەتێکی پیاوانەو ژنانە لە موو و خوریی ئاژەڵ بۆ وەرزی زستان و دروستکرنی کەوچکی دار بۆ سازکردن و خواردنی خواردن بەکاردەهات لەلایەن وەستاکانی مەهابادەوە پیشەیەکی دیکەی بڵاوبوون، هەروەها بەرهەمهێنانی جۆرێک لە سابوونی گیایی و ناوچەیی کە بۆ سپی بوونی پێست و لابردنی پەڵەی ژنان بەکاردەهات، هەروەک بەرهەمهێنان و دروستکردنی جۆرێک لە چوکلیاتی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خۆماڵی لەمەهاباد کە بە (ماجوم) ناسرابوو (صمدی، ١٣٩٦: ١٣٠).

هاوکات لەناوچەکەدا چەندین وەستای دەسترەنگین هەبوون کە لەدروستکردنی شتومەکی زۆر جوان و وردیلە پسپۆر بوون، کە سودیان لە گڵی ناوچەکە وەردەگرت کە لەگردۆڵەکانی دەوروبەردا هەبوون، وەک دروستکردنی کاسەو گۆزەو سەرە سەبیلەو حۆقە، کە نەخش و نیگاری جوانیان تیادا دەنەخشاند، لە گڵۆگیای سروشتی ناوچەکەش رەنگی تایبەتیان بەو کەلوپەلانە دەنەخشاند و دەیانناردنە بازارەکان بۆ فرۆشتن (شەمیمی هەمەدانی، ١٩٨٠: ٧٩). ئەوانەش چەند جۆرە پیشەیەکی دیکەی سەرەتایی بوون کە بەگوێرەی زەمەنە مێژووییەکە لەمەهابادا هەبوون، هەندێکیان دەچنە چوارچێوەی ئابوری خۆبژێن و تەنها لەناو دانیشتوانی شارەکەدا بڵابوو ببونەوەو بەرهەمهێنانیان تەنها بەشی دانیشتوانی شارەکەی دەکرد، بەشێکی دیکەشیان بەمەبەستی بازرگانی بەرهەمدەهێنران و لەلایەن بازرگانانەوە بەشارو ناوچەکانی دیکەدا بڵاودەکرانەوەو بەشێک بوون لە سەرمایەی ئابوری بەشێکی گرنگ لەدانیشتوانی شاری مەهاباد.

دروستکردنی تاوڵ (رەشماڵ) لە مووی بزن یەکێکی دیکە بوو لەپیشەکانی بەشێک لەدانیشتوانی ناوچەکە، بەهۆی ئەوەی کە بەشێک لەدانیشتوانی بەتایبەت عەشیرەتەکان نیمچە کۆچەر بوون، بۆ ئەو وەرزانەی دەچونە کوێستانەکان تاوڵ پێویستیەکی سەرەکی بووە، بۆیە دروستکردنی تاوڵ (رەشماڵ)یەکێک بووە لەپیشە گرنگەکان ناوچەکە بوون بەتایبەت هۆزەکانی مەهاباد (سەید ئەحمەد، ٢٠١٨: ٥٤ _ ٥٥)، ئەم پیشە دەستیانە بەشێکی گرنگ بوون بۆ بازاڕی مەهاباد لەلایەک و بۆ پڕکردنەوەی بژێوی ژیانی دانیشتوانی شارەکە لەلایەکی ترەوە، سەرباری پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکان زۆرجارانیش هەناردەی دەرەوەی شارەکەش دەکران لەرێگەی بازرگانەکانەوە.

## ئەنجام:

١_ لەو قۆناغەدا کشتوکاڵ و ئاژەداری دوو پایەی گرنگی ژیانی ئابووریی دانیشتوانی مەهاباد بوون، هاوشانی کەرتی بازرگانی، بەشێکی زۆری دانیشتوانی مەهاباد و گوندەکانی دەوروبەری لەرێگای ئەو دوو سێکتەرەوە ژیانی رۆژانەیان دابین دەکرد.

٢_ ئاووهەوای سازگار، بوونی رێژەی بارانی گونجاو، کانی و کانیاوی سازگارو رووباری مەهاباد، هۆکارێکی کاریگەربوون لە پەرەپێدانی کشتوکاڵ لەناوچەی مەهابادو گوندەکانی دەورووبەری.

٣_ بەرووبومە کشتوکاڵییەکان لەسەرووی هەموویانەوە توتن، رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پرۆسەی کشتوکاڵی مەهاباد لەلایەک و بەشداریکردنی لەسێکتەری بازرگانی و هەناردەکردنی دەرەکیدا لەمەهاباد.

٤_ بوونی لێرەوارو زنجیرە چیای بەرزو کانی و کانیاوی شاخەکان و گەرمێن و کوێستان لە مەهاباد و دەورووبەری هۆکاربوو بۆ ئەوەی بەشێک لەدانیشتوانی شارەکەو دەوروبەری بە ئاژەڵدارییەوە خەریکبن.

٥_ بەشی زۆری بەروبومەکانی کەرتی ئاژەڵداری لەناوخۆی شارەکە دەفرۆشران و بەشێکیشیان لەبواری بازرگانیدا مامەڵەیان پێوەدەکرا.

٦_ سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارە و سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بەتایبەت لەباری وەرگرتنی باج و سەرانە کاریگەری خراپیان لەسەر هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری هەبوو.

٧_ پیشەدەستییەکان بەخاڵێکی گرنگی سێکتەری ئابووری دانیشتوانی شارەکە دادەنرێن و بوونی پێکهاتە و کەمینە ئاینییەکانیش لەشارەکەدا گرنگی زیاتری بە پیشە دەستییەکان دابوو.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بەزمانی کوردی:


- برۆنەیسن، مارتین ڤان ، ٢٠١٠، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی: کوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

- بورکای، کەمال، کوردوکوردستان، ٢٠٠٨: وەرگێڕانی عەلی فەتحی، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.

- تۆمابوا، ١٩٨٠: ژیانی کوردەواری، وەرگێڕانی حمە سعید حمە کریم ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

- جەلیل، جەلیلی، ١٩٨٧: کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی کاوس قەفتان، مطبعة الحرية، بغداد.

- جەوادی قازی، میرزا محەمەد، ٢٠٠٩: نامیلکەی دەستنیشانکردنی خێڵاتی دانیشتووی دەوروبەری سابڵاغی موکری، بنکەی ژین، سلێمانی.

- جەلائی پور، حەمید رەزا، ١٣٨٤: قازی محەمەد(کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٤١ - ١٩٤٦)، وەرگێڕانی: ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی، چاپی دووەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی تەوەکولی، تاران.

_ حەکیم ئەحمەد، خۆشناو، ٢٠١٤: کوردوکوردستان لەدیدی گەڕیدەو وڵاتناسانی موسڵمان، وەرگێڕانی شوکر سلیمان، چاپخانەی موکری، هەولێر.

- حیسامی، کەریم، ١٩٨٦: کۆماری دیموکراتی کوردستان یان خودموختاری، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید.

- حوزنی موکریانی، حسێن ، ٢٠٠٧: سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

_عەزیز سەعید، هیوا: ٢٠٠٣: ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠ _ ١٩٣٩)، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی.ن.ک، سلێمانی

- دمۆرگان، ژاگ، ٢٠١٢: کوردستان لە لیکۆڵینەوەکانی دمۆرگاندا، وەرگێڕانی: د.سەعیدی خضری و ئاسۆ عبدالرحمن، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

- ڕۆزڤێڵت، ئارچی، ١٩٩٥: ڕۆژەکانی ئێران، وەرگێڕانی: کەریمی حیسامی، ستۆکۆڵم.

_ ژیان، عەزیز، باری کۆمەڵایەتی شاری مەهاباد لەسەرەتای سەدەی ٢٠ی زاینی، لە هاشم سەلیمی، ٢٠٢٢: پەنجەمۆر (دەلاقەیەک بەرەو مێژووی زارەکی مهابادی سەدەی بیستەمی زاینی)، چاپخانەی خانی، دهۆک.

- سەید ئەحمەد، ئاوات، ٢٠١٨، هۆزی مەنگوڕ (توێژینەوەیەکی مێژووییە لەباروودۆخی ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی)، چاپەمەنی سەبا، مەهاباد

- سەلیمی، هاشم، ٢٠٢٢: پەنجەمۆر (دەلاقەیەک بەرەو مێژووی زارەکی مەهابادی سەدەی بیستەمی زاینی، چاپخانەی خانی، دهۆک.

- شەمیمی هەمەدانی، عەلی ئەصخەری شەمیمی، ١٩٨٠: جوغرافیای کوردستانی ئێران، وەرگێڕانی: عبدالرحمن محمد امین زەبیحی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

_ عەلەوی، ڕەحمان، ٢٠٢٢: لەمەهابادەوە تا بایکانۆر (بیرەوەری کوردێک لەزیندانەکانی ستالین)، چاپخانەی دانیشفەڕ، هەولێر.

- فەتاحی قازی، خەلیلی، ٢٠٠٩: کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لەویلایەتی موکری ، و: حەسەنی قازی ، چ١ ، دەزگای چاپ وبڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

- قاسملو، عەبدولرەحمان، ٢٠١٤: کوردستان و کورد، وەرگێڕانی: عبداللە حسن زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- مینۆرسکی، فلادیمیر: ٢٠٠٧، بنچینەکانی کوردو چەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵلا، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی.

- وەلیانی، عەزیز، ١٤٠٠: کارەساتێکی مێژوویی (کوشتاری خەڵکی کورد بەدەست سوپای ڕووسی تێرازی)، چاپی سێیەم، چاپەمەنی بیر، مەهاباد.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**دووەم: بەزمانی فارسی:**

- آسو، دکتر، ١٣٧٤: خاطرات زندگی پرماجرای دکتر آسو(چهره مهاباد)، مقدمەو توضیح: محمود پدرام (زوزان)، نشر هور، تهران.

- آوری، پیتر و هامبلی، گاوین و ملویل چارلز، تاریـخ ایران کمبریـج (دوره پهلوی)، ج٧، قسمت سوم، ت: تیمور قادری، چ٢، چاپخانه مهتاب، تهران، ١٣٩٣.

_ اوبن، اوژن، ١٣٦٢: ایران امروز (١٩٠٦ _ ١٩٠٧)، ترجمه: علی اصغر سعیدی، نشر کتاب فروشی زوار، تهران.

_ باباطاهری، ١٣٥١: مهاباد دیرو امروز، شهرداری مهاباد، بدون چاپخانه. مهاباد.

_ بدیعی، ربیع، ١٣٧٣: جغرافیای مفصل ایران، چاپ پنجم، چاپخانه اقبال، تهران.

_ بیهرام بیگی، میرزا عبدالکریم، ١٣٨٤: خاطرات میرزا عبدالکریم بیهرام بیگی، بەهمت محمد و طاهیر بیهرام بیگی، چاپ دانش، تهران

_ ثنائی، کامران، ١٤٠١: تاریخ ویلایت مکری (مکریان)، جلد اول، چاپ سها، تهران

_صمدی، سید محمد، ١٣٧٧: طوایف و عشایر کرد، انتشارات رهرو، مهاباد.

- صمدی، سید محمد، ١٣٨١: ضمیمه نیگاهی به تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو، مهاباد.

- صمدی، سید محمد، ١٣٩٦: مهاباد شهر قلەهای سرسبز، بدون چاپ خانه، مهاباد.

- عیسوی، چارلز، ١٣٦٢: تاریخ اقتصادی ایران(عصر قاجار)، ترجمه: یعقوب آژند، چاپ گستره، تهران.

- کلباسی، ایران، ١٣٦٢: گویش کردی مهاباد، موئسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی، چاپ رامین، تهران

_ کریمیان، د. حسن ؛ سلیمی، اسماعیل، ١٣٩٨: مهاباد، شکل یابی، توسعه فضاهای شهری و بناهات تاریخی، سازمان جهاد دانشاه تهران، تهران

- مجدی، محمد، ١٣٣٥: سالنامه فرهنگ مهاباد، جلد اول، چاپخانه شفق.

- مجدی، محمد، ١٣٣٥: سالنامه فرهنگ مهاباد، جلد دوم، چاپخانه شفق.

**سێیەم: بەزمانی عەرەبی**

_ سایکس، مارک، ٢٠٠٧: القبائل الكردية في امبراطورية العثمانية، ترجمة: خليل على مراد، دار الزمان.

**چوارەم: بەزمانی ئینگلیزی:**

_ Bishop, Isabella, journes in Persian and Kurdistan, vol II, Londan, 1891.

_ Preiffer, I, 1850: A womans journey Round the World(from Vienna to Brazil, chilli, China, Hin dostan, Persia, and asia minor), London

_ Habbard, G.E, 1917: From the Golf To Ararat, E.p. Dutton komany, newyork.

_ Rawlinson. H.C. 1840:''Notes on Journey from Tabritz, through Persian Kurdistan, to the Runis of Takhti Soleiman, and from Tenece by Zenjan and Tarom, to Gilan, in October and November 1830 with a Memoir on the Site Of the Atropatwnian Ecbatana'' Jornal of the Royal Geographical Society Of London, Vol. 10, Pp1 _ 64

**مقاله:**

_ صلاح سلیمی و ابراهیم پور، صلاح الدین، ١٣٩٦: کوخ کورتک، بنایی ناشناخته در مهاباد _ سردشت ، شمال غرب ایران، فصلنامه علمی فنی هنری، شماره٧٨، پاییز ١٣٩٦، تهران.

**گۆڤار:**

**یەکەم: بەکوردی**

- ئیڤانۆڤنە، ئۆلکە، ١٩٩٨: ڕۆڵی هۆزەکان لەژیانی سیاسی کوردستانی ئێراندا لەسالآنی چلەکان دا، وەرگێڕانی،: غازی ئیبراهیم یاقوت، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١١٨، هەولێر.

_ شمێرانی، عوسمان حەمە سەعید، ٢٠٠٢: پیشەی فەرش دروستکردن لە کوردستان، گۆڤاری کەلەپوری کورد، ژمارە (١٥)، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

- ڤاسیەلیەڤا، ئی، ٢٠١٤: خێڵەکانی (بارزان، بلباس، بەگزادە) ومێژووی دروستبونیان، و: ڕەشاد میران، گۆڤاری (ڕامان)، ژ(٢١٢)، هەولێر.

**دووەم: بەزمانی فارسی**

_ رامیدی نیا، میهرداد، ١٣٩٨: سفر زنی تنها به کردستان (سفرنامه ایدا فایفر)، فصلنامەی کشکول، سال چهارم، شماره ١١، مهاباد.

**ڕۆژنامە:**

- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠، ١٥ی ڕێبەندانی ،١٣٢٤.

- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە٥٢، ١١ی جۆزەردان ١٣٢٥.

ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:

- جان لیگرێ، ١٩٦٨: ئیل. ئو. ڤاسوم مسیۆنەری کوردان، وەرگێڕانی: حەسەنی قازی، ٢٠٠٩،

www. Rwangae.com.

.ئەمیری حەسەن پور، گفتوگۆی ئەمیری حەسەن پور لەگەڵ ئاگوستا گودهارت، ١٩٧٧: وەرگێڕانی: حەسەنی قازی، ماڵپەڕی ڕوانگە،٢٠٠٩ _

www.Rwangae.com.